

محەمەد یوسرا
وەرگێڕانی: محەمەد چیا

# جیاوازیی ناوی خودا لەنێوان سێ ئایینە ئیبراهیمییەکەدا

سەرەڕای لێکچوونێکی گەورە کە سێ ئایینە ئیبراهیمییەکە پێکەوە کۆدەکاتەوە، جولەکە و مەسیحی و ئیسلام، سەبارەت بە ڕاڤەی هاوبەشیان بۆ بنچینەی بوون و دروستبوونی گەردوون و زۆرێک لە بیروباوەڕەکانی پەیوەست پێیانەوە، بەڵام ئەو ئایینانە چەندین جیاوازی و ناتەبایی هەیە لەنێوانیاندا لە پێش هەمووشیانەوە ناکۆکی سەبارەت بە ناوی خودا.

## ناوی خوا لە ئایینی جولەکەدا

یەهوە و ئیلوهیم و ئادونای؛ لە ئایینی جولەکەدا خودا بە ژمارەیەکی زۆر ناو و سیفەت ناسراوە. لە کتێبی پیرۆزی جولەکە و تەلمود و چیرۆکە ئایینیەکان، لە هەندێک شوێندا ناوی خودای جولەکە بە شێوەیەکی پەنهان و شاراوە دێت. لەوانەش ئەوەی کە لە «سفری دەرچوون»دا هاتووە کە موسا پێغەمبەر ئاگرەکەی لەسەر چیای سینا بینی، چوو بۆ ئەوەی بزانێت چییە، دەنگی خودای بیست کە فەرمانی پێکرد بچێت بۆ لای بەنی ئیسرائیل لە میسر و ڕزگاریان بکات، کاتێکیش موسا پرسیاریکرد ئەگەر گەلەکەی پرسیاریان لێکرد لەبارەی ئەوەی قسەی لەگەڵ کردوە، پێی وت کە پێیان بڵێت (ئاهیە ئاشیر ئاهیە) کە ڕستەیەکی عیبرییە واتە (ئەبم کە ئەبم).

بەڵام بەناوبانگترین ناوەکانی خودا لای جولەکە بریتییە لە یەهوە، کە وشەیەکی عیبریە و جیاوازە لە بنچینەکەی، لە سەدان بابەتی کتێبی پیرۆزی جولەکەشدا هاتووە، لەوانەش سفری دەرچوون کاتێک کە خودا بە موسای گوت: «بەم شێوەیە یەهوە بە بەنی ئیسرائیل دەڵێت خوای بابوباپیرانتان ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب ناردومی بۆ لاتان، ئەمە ناوی منە بۆ هەتاهەتایە».

لە هەمان کاتدا زۆرجار، خودا لای جولەکە بە (ئیلۆهیم) ناودەبرێت، زۆرێک لە توێژەران پێیان وایە کە ئەمە وەرگیراوە لە ناوی خوداوەند «ئیل» کە ناوی لە چەندین هەڵکۆڵراودا هاتووە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی سیانزەیەم یان چواردەیەمی پێش زایین، ئیل لای کەنعانینەکان ناسراو بوو، گرنگترین پەرستراوەکانیان بوو لە سوریا و فەڵەستین پێش چوونە ناوەوەی عیبرانیەکان بۆ ئەو شوێنانە.

ڕیچارد ئلیۆت فریدمان مامۆستای توێژینەوە جولەکەییەکان لە زانکۆی جۆرجیای ئەمریکی لە کتێبە گرنگەکەیدا بە ناونیشانی: کێ تەوراتی نووسیوە؟ پێی وایە جیاوازی لە ناوی خوداوەندی جولەکەدا لەنێوان یەهوە و ئیلۆهیمدا تەنها جیاوازییەک نییە لە ناوناندا، بەڵکو وشەکە دوو مانا و ئاماژەی تەواو جیاوازیان هەیە، ناوی ئیلۆهیم لە کاتی فرە خواییدا بەکاردەهێنرا لای عیبرانیەکان، بەڵام یەهوە بەکاردەهێنرا بۆ ئاماژەکردن بۆ خوای تاک و تەنها.

هەروەها جولەکە وشەی ئادۆنای بەکاردەهێنن وەک ئاماژە بۆ خوداکەیان ئادۆنای، کە مانای بەڕێز یان گەورە دەگەیەنێت لە زمانی عیبریدا، ئەمەش گۆدەکرێت لە ڕێگەی خوێنەری تەناخ (کتێبی پیرۆزی جولەکە)وە لە شوینێکدا کە تێیدا

باس لە یەهوە بکرێت، هۆکاری ئەمەش ترسانە لە گۆکردنی ناوی خودای پیرۆز بە شێوەیەکی هەڵە، چونکە لە سفری دەرچووندا هاتووە (ناوی یەهوە بە هەڵە و ناڕاست گۆ مەکە، چونکە یەهوە لە کەسێک ناگەڕێت و سزای دەدات ئەگەر ناوی ئەو بە هەڵە و نادروست گۆ بکات).

لە کاتێکیشدا گۆکردنی دروستی ناوی یەهوە بە تێپەڕبوونی زەمەن و بەدوایەکداهاتنی سەدەکان بزر بووە، بۆیە وەها باشتر بووە کە بە هەڵە گۆنەکرێت ئەویش لە ترسی هەڵە، لەمەشدا تاکە ڕەوشێک هەڵاوێردە دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ڕێگە دراوە بە سەرۆکی کاهینەکان لە سەڵاوات و پاڕانەوەکانی چەژنی لێخۆشبووندا ناوی یەهوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە بەکاربهێنێت.

ناوی خودا لە مەسیحیەتدا

ناوی سێ ئوقنومەکان مەسیحیەکان بڕوایان بە خوای تاک و تەنها هەیە کە (یەهوە)یە، بەڵام لە ڕێگەی سێ ئۆقنوم (سەرچاوە)ی جیاوازەوە، کە بریتین لە باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز.

سەبارەت بە ناوی ئوقنومی یەکەم ئاب (بە درێژکردنەوەی ئەلیف) ئەوا مانای باوک یان کوڕ ناگەیەنێت وەک ئەوەی لە زەینی بیسەردا دەردەکەوێت، بەڵکو وشەیەکە بنچینەیەکی سریانیی هەیە، هاتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە بە مانای بنچینە دێت، و تایبەت کراوە بە ئوقنومی یەکەم لە سێکانە، بەڵام ئوقنومی سێیەم، ڕۆحی پیرۆز، ئەوا چەند جارێک بە شێوازی جیاواز لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە، لەوانەش ڕۆحی پیرۆزی، ڕۆحی خوا، ڕۆحی هەق، ڕۆحی مەسیح، ڕۆحی یەزدان، باراقلیت.

بەڵام ئەو سێ ئوقنومە کە زۆر جێگای مشتومڕە سەبارەت بە ناوەکانی بریتییە لە ئوقنومی دووەم، کە زۆرێک ناو و نازناوی هەیە کە مەسیحی پێ ناسراوە، بەناوبانگترین ناوەکانیش بریتیە لە ناوی مەسیح یان ماشیح یان مەسیا، کە ناوێکی عیبرییە لە بنچینەدا، کە ئاماژەیە بۆ پاشایەک یان کاهینێک بە شێوەیەکی فەرمی هاتبێتە ناو ئەم ناوەندەوە لە ڕێگەی چەورکردنی سەری بە زەیتی پیرۆز، حاخامی جولەکە (روبن فایرستون) لە کتێبەکەیدا (نەوەکانی ئیبراهیم) جەخت لەوە

**سەرەڕای ناوبانگی ئەو ناوانەش لای مسوڵمانان، بەڵام زۆرێك لە زانا باوەڕپێکراوەکان ئەو گێڕانەوانە و ئەو فەرمودانەی پێغەمبەر لەم بارەیەوە هێنراون لە بارەیەوە، بە (لاواز) دەبینن**

دەکاتـەوە کـە جولەکـە باوەڕیـان وابـوو یەکێـک لـە کـوڕەکانی داود پاشـا، دەردەکەوێتـەوە و ڕزگاریـان دەکات لـەو زوڵـم و سـتەمەی کـەوا کەوتونەتـە ژێـر بارییـەوە، هەروەهـا مەملەکەتێکـی مـەزن بونیـاد دەنێـت و ئـەم بیرۆکەیـە لـە هەریـەک لـە تەلـمود و مدراشـدا دوپـات کراوەتـەوە.

لـە کاتێکیشـدا کـە مەسـیحییەکان پێیـان وایـە (کـوڕی مەریـم) هەمـان ئـەو کەسـەیە کـە کتێبـە پیـرۆزەکانی جولەکـە مژدەیـان پێـداوە، بۆیـە نازنـاوی مەسـیحیان لـێ داماڵیـوە، نـاوی دووەمـی ئوقنومـی کـوڕ، کـە بریتییـە لـە (یەسـوعی نـاصری)، کـە ئـەوە ناولێنانێکـی نـاسراوە و بەکارهێـنراوە لـە لای هەریـەک لـە جولەکـە و مەسـیحییەکان لـە کاتێکـدا مسـوڵمانەکان ئەمـە قەبـوڵ ناکـەن. ناولێنـانی مەسـیحیش بـە یەسـوع لـە زۆرێـک لـە بڕگـەکانی ئینجیلـدا هاتـووە، لەوانـەش کـە لـە ئینجیلـی لوقـادا هاتـووە (تـۆ دووگیـان دەبیـت و کوڕێکـت دەبێـت و نـاوی دەنێیـت یەسـوع).

وشـەی یەسـوعیش لـە بنچینـەدا وەرگیـراوە لـە وشـەی یشـوع، کـە زۆرێـک لـە کەسـایەتییەکانی نـاو تـەورات ئـەم ناوەیـان هەڵگرتـووە وەک یەشـوعی کـوڕی نـون جێنشـینی موسـا لـە سـەرکردایەتیکردنی بەنـی ئیسـڕائیل، یەشـوعیش لـە ئەنجامـی لێکـدانی دوو وشـەوە دروسـت بـووە، ئەوانیـش (یەهـوە) کـە ئاماژەیـە بـۆ نـاوی خوداوەنـدی بەنـی ئیسرائیـل، و (شـع) کـرداره واتـە دڵسـۆز دەبیـت، بـەم پێیـەش وشـەی یەشـوع یـان یەسـوع واتـە (خـودای دڵسـۆز).
لە یەسوعیشـەوە وشـەی (ئیسـوس) هاتـووە لـە زمانی یۆنانیـدا، کـە دواتـر گوازرایـەوە بـۆ چەندیـن زمـانی ئەوروپـی نـوێ وەک زمـانی لاتینـی، بـەڵام نـاسری، واتـە دانەپاڵێکـی شـوێنییە بـۆ شـاری «نـاصره» کـە تێیـدا مەسـیح لەدایکبـووە، ناسـڕەش یەکێکـە لـە شـارە مێژوویـیـەکان لـە فەڵەسـتین، دەکەوێتـە ناوچـەی جەلیـل و 105 کیلۆمەتـر لـە قودسـەوە دوورە.

بـەڵام ناولێنـانی سـێیەم بۆ کـوڕ، بریتییە لـە (ئەمانۆیڵ)، کـە وشـەیەکی عیبرییـە واتـە (خـوا لەگەڵماندایـە)، لـە تەوراتـدا هاتـووە، لـە سـفری ئەشـعیا لـە چوارچێـوەی مشـتومڕێکدا لەنێـوان پێغەمبـەر ئەشـعیا و ئاحـاز پاشـای یەهـوزا، کـە ئەشـعیا مـژدەی ئـەوە دەدات ڕۆژێـک دێـت پاکیزەیـەک منداڵێکـی دەبێـت بـە ئەمانۆیـڵ دەناسرێـت، دوای ڕوودانی ئـەوەش بـە نزیکـەی 750 سـاڵ، مەسـیح لەدایکبـوو، مەسـیحیەکان وایـان دانـا کـە مەبەسـت لـەو مژدەیـە ئەمـە و، هەمـان ئـەو ئەمانۆیڵەیـە کـە باسـکراوە.

## ناوی خودا لە ئیسلامدا

لەنێـوان نـاوی خـودای مـەزن و نـاوە بـەرزەکانی تریـدا مسـوڵمانەکان خواکەیـان بـە (اللـە) نـاو دەبـەن، زۆرێکیـش لـە وتـەکان و تیـۆرەکان هـەن کـە هـەوڵ دەدەن ڕاڤـەی بنچینـەی ئـەم نـاوە بکـەن، لەوانـەش ئـەوەی کـە دکتـۆر (کەمـال صلیبـا) لـە کتێبەکەیـدا بـە ناونیشـانی پەنهانـەکانی تـەورات باسـی دەکات، سـەبارەت بـە بـوونی پەیوەندییـەک لەنێـوان نـاوی (اللـە) و، پەرسـتراوی کـۆنی کەنعانی (ئیـل)دا، هەروەها وشـەی ئیـل پاشـتر پـەرەی سـەندوە و گـۆڕاوە بـۆ (اللـە).

بە دڵنیاییەوە مسوڵمانەکان ئەم رایە ڕەت دەکەنەوە، پێیان وایە بە هۆی بوونی بنچینەیەکی هاوبەشی هەردوو وشەکە، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە لە ماناشدا هەروەها هاوبەش بن، ئەویش لەبەرئەوەی ئیل بتێک بووە لە ژینگەیەکی جاهیلی و فرە خوداییدا پەرستراوە، لە کاتێکدا (اللە) و هەر لە ساتەوەختی یەکەمەوە لە ئیسلامدا خوایەکی تاک و تەنها و بێ هاوەڵ بووە. بە پێی ئەوەش کە زۆرێک لە زانایانی مسوڵمانان هێناویانە لە کتێبەکانیاندا، لەوانەش ئیبن قەیمی جەوزی و عبدولڕەحمان سەعدی، ئەوا وشەی (اللە) لە بنچینەیدا دەگەڕێتەوە بۆ (الە) کە مانای پەرسترا و دێت پاشان ئەلیف و لامی بۆ زیادکراوە و بۆتە (الالە)، پاشان هەمزەکەی لێ لابراوە بۆ ساناکردن و پوختکردنی گوتەکە هەتا دواجار بۆتە (اللە).

ئەمە لە کاتێکدا کە (اللە) تاکە ناوی خودا نیە لای مسوڵمانەکان بەڵکو چەندین ئایەتی قورئانی هاتووە، کە جەخت لەوە دەکاتەوە (اللە) کۆمەڵێک ناوی بەرزی هەیە، لەوانەش ئەوانەی کە لە سورەتی الاعراف هاتوون، ئایەتی 180، کە دەفەرموێت (وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ فَادْعُوهُ بِهَا * وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ * سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ).

لە قورئانیشدا وردەکاری نەهاتووە سەبارەت بەو ناوانە، بەڵکو هەندێک لە کتێبەکانی فەرموودە وەک (سنن الترمذی) و (سنن ابن ماجە)، هەندێک لە گێڕانەوەکان باس لە نەوەدونۆ ناو دەکەن کە دەگەڕێنەوە بۆ خوداکە بە (اسماء الحسنی) ناودەبرێن.

سەرەڕای ناوبانگی ئەو ناوانەش لای مسوڵمانان، بەڵام زۆرێک لە زانا باوەڕپێکراوەکان ئەو گێڕانەوانە و ئەو فەرمودانەی پێغەمبەر لەم بارەیەوە هێنراون لە بارەیەوە، بە (لاواز) دەبینن، بۆ نموونە شێخی ئیسلام (ئیبن تقی الدین بن تیمیە) لە (مجموع الفتاوی) دەڵێت (فەرموودەناسان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەم دوو گێڕانەوەیە قسەی پێغەمبەر نیین، بەڵکوو وتەی هەندێک لە سەلەفن).

لە هەمان کاتدا، چەندین فەرموودەی پێغەمبەر هەیە کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە خودا ناوی هەرە مەزنی هەیە و ئەگەر پێیان بانگی لێ بکرێت وەڵام دەدرێتەوە.

بەپێی ئەوەش کە (ئیمام ناصرالدین ئەلبانی) دوپاتی دەکاتەوە، لە کتێبەکەیدا زنجیرەی فەرموودە لاواز و دانراوەکان، ئەوا زانایان ڕایان جیاوازە لە دیاریکردنی ئەو ناوەدا بۆ زۆرێک لە ڕاوبۆچونە جیاوازەکان، لەوانەش (الرب، الحي القیوم).

بەڵام زۆرینەی زانایانی ئیسلام پێیان وایەی، ناوی هەرە مەزن و ئەوەی کە لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا مەبەستە، بریتییە لە ناوی (اللە) چونکە ئەم ناوە ئاماژەیە بۆ هەموو ناو و سیفەتەکانی و، ناوێکە جگە لەو هیچ یەکێکی تر نەنراوە.

**سەرچاوەکان:**

(قورئانی پیرۆز، کتێبی پیرۆز، لەکتێبەکانی تەورات، ریچارد ئیلوت فریدمان، پەنهانەکانی تەورات، کمال صلیبا، ابن تیمیە، سسن ابن ماجە، سنن ترمژی، زنجیرەی فەرموودە لاوازو دانراوەکان، الالبانی، نەوەکانی ئیبراهیم، فایرستون).